# زیرەکیی زمانیی لای بێژەری تەلەفزیۆنی

**د. عبدالصمد احمد محمد**
**زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی**
**بەشی باخچەی منداڵان**

**الملخص**

يتألف هذا البحث المعنون " الذكاء اللغوي لدى مذيعي التلفاز" من اربعة مباحث. يتناول المبحث الاول مشكلة البحث، والهدف منه، وقيمته، ونطاق الدراسة، بالاضافة الى توضيح عدد من المفاهيم والالفاظ الاصطلاحية. أما المبحث الثاني فيستعرض الاطار النظري للدراسة والذي يعالج عددا من المتغيرات الخاصة بالذكاء اللغوي ومذيعي التلفاز. واما المبحث الثالث فيتناول صيغة البحث وعينة الدراسة ، وكذلك يتطرق الى مصداقية واستقرارية طرائق البحث المستخدمة في الدراسة. وتجدر الاشارة الى أن عينة الدراسة تمثلت بست وخمسين مذيعا تلفزيونيا من كلا الجنسين من العاملين بالقنوات الفضائية الكوردية في اقليم كورستان مثل كوردسات، وأن آر تي، وبيام، وكي أن أن. وختاما يأتي المبحث الرابع ليعرض النتائج ويناقشها ويحللها لينتهي باستناجات عدة اهمها ان مذيعي التلفاز الكورد يتمتعون بمستوى عال جدا من الذكاء اللغوي، وان للذكور حظا اوفر من الاناث اذا ما اردنا المقارنة بين الجنسين. ويختتم الباحث هذا المبحث بحزمة من التوصيات والمقترحات.

**Abstract**

This study entitled *Linguistics Intelligence of TV Presenters* is composed of four main sections. The first section touches upon the problem of the study, its aim, its value, its scope, as well as a bunch of key related notions and terms.

Section Two is the theoretical background of the study in which a number of variables of linguistic intelligence and TV presenting are discussed.

Section Three covers the research design, the population and the sample, validity and stability of the methods employed in the study. It is worthy to note that the sample of the research represents a number of presenters working at Kurdish space channels like Kurdsat , NRT , Payam ,KNN. The number of the participants was 56 TV presenters (male and female).

Finally, in Section Four , which is the concluding section, the results and their analysis are discussed. The study concludes that linguistic intelligence of Kurdsih TV presents is at a very high level. Comparing the male participants to the females, the results show that the males are more linguistically intelligent. In the conclusion of this section, a number of recommendations are suggestions are made by the researcher.

**بەشی یەکەم:**

*** گرفتی توێژینەوەکە:**

زمان، کە یەکێکە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ، جگەلە مرۆڤ، هیچ بوونەوەرێکی تر توانای زمانپڕان و هەرواش قسەکردنی نییە، بۆیە توێژینەوە لە زمان و کێشە و کەموکورتییەکان و لەمپەرەکانی بەردەم زمان، لە هەموو رووییەکەوە گرنگـی و بـایەخی زۆری هەیە، بەڵام سـەبارەت بەم بـابەتە، ئەوەی تێبینیـدەکرێت ئەوەیە کە توانـا و لێهاتوویی و زیرەکی زمان لەلای هەمـوو کەسێك وەکیەك نییە، بێگومـان زیـاتر لە هۆکارێـك هەیە کە هەندێ کەس زیرەکی و توانای زمانیان لە هەندێکی تر زیاترە.. ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تریشـەوە راگەیانـدن بەگشـتی و تەلەفزیـۆن بەتایبەتی ئەمرۆ لە هەر کاتێك زیاتر بەرەو پێشـەوەچووە. ئەوەی لەم نێوەنـدەدا مـایەی سـەرنجە لەلای ئێمە ئەوەیە، ئەگەرچـی تەلەفزیۆنەکـان لەڕوی هـونەرییەوە پێشـکەوتنی زۆریـان بەخۆیـانەوە بینیـوە، بەڵام لەڕوی زمـانەوە بەشێوەیەکی زانستی گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە، چونکە بە ئاشکرا ئەوە بەدیدەکرێت کە توانـاو زیرەکـی زمـانیی بێژەرەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی هەرێمی کوردستان بێ کێشـەو کەموکورتی نین، بـۆیە ئەم پرسـە لەلای ئێمە جێگەی بایەخ بوو، بەپێویستمان زانی کە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامبدەین.

*** گرنگی توێژینەوەکە:**

دیارە نووسینی هەر بابەتێك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەت لە بـوارەکەی خۆیـدا، هەڵبژاردنـی هەر بابەتێـك بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسـەری جێگەی باسوخواسـی زۆرێـك لە شـارەزایان و خـاوەن ئەزمـوونی ئەو بـوارەیە کە توێژینەوەی لەسـەر ئەنجامئەدرێـت، جێگەی خـۆیەتی گرنگی بە بـواری ڕاگەیانـدن و تەلەفیـزۆن بەتـایبەتی بـدرێت، چونکە ئەمرۆ تەلەفزیۆن هەڵبژاردەی زۆرێك لە خێزانەکانەو بە تایبەتی خێزانی کورد، کە زۆرێـك لە کاتەکـانی خۆیـان بەسـەیرکردنی تەلەفیـزۆن بەسـەرئەبەن و ئەو بەرنامـانەی کە لەتەلەفزیـۆن پەخشـدەکرێت ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بە بوارەکانی ژیانەوە هەیە، وەکو بـواری (کـۆمەڵایەتی، ڕۆشـنبیری، ئـاینی، دەرونـی... هتـد، ) کە کـاریگەرییەکی بەهێـزی لەسـەر بـاری دەروونـی تـاك دەبێـت، بەجۆرێـك دەبێتەهـۆی گۆڕانکـاری لە کـارو کـردەوەو بیرکـردنەوەی تاکـدا، ئەم کـاریگەریەش ڕاسـتەوخۆ بە توانـاو لێهاتووەکـانی بێـژەرەوە بەسـتراوەتەوە، لەکـاتی پێشکەشـکردنی بەرنامەکـان و گەیانـدنی پەیامەکـان بە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا، یـان بە پـێچەوانەوە ئەمەش بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیرییە لەگەڵ جەمـاوەردا و بە تـایبەتی تاکـدا، لە ڕێـگەی زمـانەوە، بـۆیە لێـرەدا گـرنگە بـاس لە چەمکێکـی سـەرەکی بکرێـت کە ڕۆڵـی لە دروسـتکردنی ئەو پەیوەنـدییەدا هەیە، ئەویـش زیرەکـی زمـانەوانییە، کە هۆکارێکە بـۆ دروسـتکردنی کـردەی پەیوەنـدیکردن، بە تـایبەتی لە بـواری ڕاگەیانـدنـدا کە پەیوەنـدی لەنێـوان نێـرەر و وەرگـر، لە ڕێـگەی ئامرازەکـانی ڕاگەیانـدنەوە، بە تـایبەتی تەلەفزیـۆن لەسـەر شـێوەی هێمـای زمـانیی وێـنەدارەوە دەگوازرێتەوە، ئۆرگانی دەماریش ڕۆڵی سەرەکی لە وەرگرتنی پەیامی ڕاگەیاندا هەیە بەو پێیـەی وروژێنەرێکە تـاك و کۆمەڵەکان کاردانەوەیان لە بەرامبەریدا ئەبێت، کاردانەوەش لە هەمبەر پەیامی ڕاگەیاندندا چەندان کـردەی دەروونـی لەخۆدەگرێت کە کـاریگەری لەسـەر دەروون و ژیـانی تـاك دەبێـت، بە شـێوەیەکی ڕوونتـر بێژەرانـی تەلەفیـزۆن ڕۆڵـی سەرەکی لە دروستکردنی کاریگەریی لەسەر تاکەکـانی کـۆمەڵ دەبیـنن، ئەمەش لە ڕێـگەی ئەو توانـا زمـانەوانییەی کە بێژەر هەیەتی، واتا تا چەند زیرەکی زمانیی کاریگەری لە دروستکردنی کاریگەری لای جەماوەر و بە تایبەت تـاك هەیە، لەگەڵئەوەشـدا لێهـاتوویی دەربڕینـی زمـانیی واتـای هەمـوو بنەماکـانی (هەسـت و هەسـتیاری و بیرکـردنەوە و گوزارشتکردنێکی بێخەوش ئەگرێتەوە، کە ئەم لێهـاتوییە بە یەکێـك لە ئـامرازە بنەڕەتییەکـانی ئەژمێردرێـت، ئەویـش

لەبەر ئاسانکارییەکەی کە تاك و کۆمەڵ بە یەکتری ئەگەیەنن ، لەگەڵئەمەشدا هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان ئەوە ئەبینن کە لە ٩٣% ئەم چالاکییە زمانەوانییە دەرئەنجامی مومارەسەکردنە کە ئەمەش چالاکییەکی زارەکییە. (حسین، ٢٠١٠: لا١٣٥)، بۆیە ئێمەش وەکو توێژەر بە پێویستمان زانی کە توێژینەوەیەك دەربارەی زیرەکی زمانیی وەکو گرنگترین و سەرەکیترین بنەمای بێژەرایەتی ئەنجامبدەین، تا بزانین چۆنێتی و رێژەی زیرەکی زمانیی لای بێژەران چەندە؟ سەبارەت بەم بابەتە، جیاوازی هەیە یان نا نێوان هەردوو توخمی نێر و مێدا؟

ئەم توێژینەوەیە لە چەندین رووەوە گرنگی و بایەخی هەیە، چونکە لەلایەك دەبێتە مایەی ئەوەی کە بەرپرسانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر درك بە گرنگی و بایەخی زمان بەگشتی و کێشەی زمان لەلای بێژەرەکانیان بکەن. چونکە هیچ بێژەرێك، یان پێشکەشکاری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ناتوانێت مێدیاکارێکی باش بێت ئەگەر لە روی زمانەوە بێ کێشەو کەموکورتی نەبێت.

*** ئامانجی توێژینەوەکە:**

١- زانینی زیرەکیی زمانیی لای بێژەرانی تەلەفیزیۆن.

٢- زانینی زیرەکیی زمانیی لای بێژەرانی تەلەفیزۆن بەپێی رەگەزی نێرو مێ.

*** سنوری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لەناوەندی شاری سلێمانی ساڵی ٢٠١٨ سەبارەت بە زیرەکی زمانیی بێژەرەکانی هەندێ لە کەناڵە راگەیاندنە کوردییەکانی وەك (کەناڵی ئاسمانی کوردسات، کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارِ تی، کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن، کەناڵی ئاسمانی پەیام). لە لای بێژەرەکانیان ئەنجامدراوە.

*** پێناسەی زاراوەکان:**

**یەکەم: زیرەکیی:**

توانای تاکە بۆ داماڵین و درککردن بە وابەستەی و پەیوەندی نێوان شتەکان و هەڵهێنجانی، چارەسەری نوێیە بۆ هەڵوێستە رِوگیرەکان (المحرج). و تواناداربوونی مرۆڤە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەرەکەی. (شەکشەك، ٢٠١٢: لا٤١).

**دووەم: زمان:**

زمان بریتییە لەو هۆکارەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بنیادناوەو چالاکی بەخشیوەتە کارەکانی، مرۆڤەکانی بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی یەکدی بەیەکەوە پەیوەندکردووە، یارمەتی دەربرِین و گوزارشتکردن و گەیاندن و گواستنەوەی بیری بە مرۆڤ داوە، ئەم گەیاندن و گواستنەوەیە هاوبەشی لە نێوانیاندا دروستکردووە، کەواتە مرۆڤ هەمیشە لە پەیوەندیدایە جا چ ئەو کاتە بێ کە زانیاری خۆی دەبەخشێتە هاورِەگەزەکانی، یان زانیاری وەردەگرێ، ، یان بیرو رِێزو خۆشەویستی خۆی دەگوێزێتەوە، یان دەیەوێ شەرِوو ئاژاوە بنێتەوە، یان هەوڵ دەدات بوونی خۆی بسەلمێنێت. (عبدالرحمان، ٢٠٠٩: لا١٧).

**سێیەم: زیرەکیی زمانیی:**

زیرەکیی زمانیی:- بریتییە لەو جۆرە زیرەکییەی کە لە بواری زمان و ئاخاوتن و نووسیندا دەردەکەوێت، ئەو کەسانەی ئەم جۆرە زیرەکییەیان هەبێت، ئەوا لەبواری قسەکردن و گفتوگۆ و مشتومرِو و ئاڵوگۆرِکردنی وشەو دیالۆگدا سەرکەوتوون، هەروەها لە بواری نووسینی هۆنراوەو نوواندن و رِۆژنامەگەری و نووسینی کتێبدا بە توانا و

لێهاتوون و فەرهەنگی زمانیان زۆر دەوڵەمەندە، سەرەڕای ئەوەش توانای ڕازیکردنی بەرامبەرو کارکردنەسەر کەسانی تریان هەیە و لە ڕەوان بێژی و دارِشتن و ڕێزمانیشدا دەستی باڵایان هەیە. (قەرەچەتانی، ٢٠١١: لا٢٩٠).

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تیۆریی**

**تەوەری یەکەم :**

*** پێناسەی زیرەکیی:-**

١- سپێرمان دەڵێ: زیرەکیی توانایەکی زکماکی گشتییە، یان هۆکارێکە کار لە هەموو جۆرە چالاکییە ئەقڵییەکان دەکات. (علی، ٢٠٠٧: لا١١٩).

٢- وکسلر: توانایەکی گشتگیری تاکە بۆ کارکردن بەرەو ئامانج و بیرکردنەوەیەکی لۆجیکی و کارلەیەك کردنێکی سەرکەوتوو لە ژینگەدا. (علیوات، ٢٠١٢: لا١٣).

٣- زیرەکیی: توانای بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکانە، هەروەها لێهاتوویی و گونجاندنە لەگەڵ بارە کتوپڕەکان و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەیە کە دەبنە کۆسپێك لە ڕێگەی تاکدا. (أبو مصلح، ٢٠٠٦: لا٢٥٢).

* چەمکی زیرەکیی : زیرەکیی چەمکێکی ئاڵۆز و بەرفراوان و هەمە لایەنەیە، بە قەدەر ئەو ئاڵۆزی پرۆسە ئەقڵیانەی کە بەشداری تێدا دەکەن، زیرەکیی چەمکێکی شاراوەو ناوەکییەو لەو ڕێگەیەوە وەسفی ڕەفتارو هەڵسوکەوتە دەرەکییەکانی پێدەکەین، ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆکردن بێت ئەوەیە کە گرفت و کێشە لە پێناسەکردنی چەمکی زیرەکییدا هەیە.

تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ زیرەکیی نییە، بۆ نموونە لەساڵی (١٩٢١). پرسیار لەکۆمەڵێك دەروونناس کرا کە مانای زیرەکیی لێکبدەنەوە لە ئاکامی ئەو پرسیارە (٢٠) وەڵامی جۆراوجۆر دەرکەوت و هەر زانایەك بە جۆرێك لێکیدایەوە، ئەم بۆچون و پێناسە جۆراوجۆرانە کارێکی ئاساییە، لەبەرئەوەی زیرەکیی دیاردەیەکی شاراوەو نادیارە، هەر زاناو قوتابخانەیەك لە گۆشەنیگای تایبەت بە خۆیەوە سەیری دەکات و ڕاڤەی بۆ دەکات، هەر لەبەرئەوەیە کە دەبینین چەندەها پێناسەو لێکدانەوەی جیاجیا بۆ زیرەکیی هەیە. (قەرەچەتانی، ٢٠١١: لا٢٧٧).

لە توێژینەوەدا ئەم چەشنە دەستەواژانە بەکارناهێنرێت یان دەوترێت یان ناوترێت یان لە حاڵەتێکی وەهادا دەبێت ئەم فۆرمە بەکاربهێنرێت: گریمانەدەکرێت کە فەلسەفە یەکەم ڕوانگە بووبێت کە ڕاڤەی ئەو مەسەلەیەی کردووە لەو ڕاڤەکردنەشدا پشتی بە تێڕامان بەست و گرنگییەکی زۆریان بە لایەنی زانین لە زیرەکیی دا. .

ڕوانگەی یەکەم: وا باسدەکرێت کە (شیشیرۆن) فەیلەسوفی ڕۆمانی، یەکەم کەس بوو کە وشەی زیرەکیی بەکارهێنا لە ڕاستیدا (فرەنسیس گالتۆن) کە ئامۆزای (چارلز داروین) بوو گەشەی بە چەمکی زیرەکیی دا و لەبری دەرونزانی و لە کتێبەکانی بەکاریهێنا.

ڕوانگەی دووەم: لەڕووی مێژوییەوە: ڕوانگەی بایلۆژی بوو کە تەماشای زیرەکیی کرد وەك پیشە خۆگونجاندنی گیانەوەر لەگەڵ دەوروبەرەکەی، بیردۆزی گەشەکردنی داروین بناغەی ئەو ڕوانگەیەی داناو بە بەناوبانگترین زانا لەو بوارەدا (هێربەرت سپێنسەر). بوو، هەروەها پاش ئەو تایبەتمەندیانە لەبواری بایلۆجیدا سەریهەڵدا، فسیۆلۆجیا کە بریتییە لە زانستی فرمانی ئەندامەکان، زیاتر بایەخی بەمەسەلەی زیرەکیی داو گرنگی دا بە ڕۆڵی کۆ ئەندامی دەمارو پەیوەندی لەگەڵ توانا ئەقڵییەکاندا، بەناوبانگترین زانا لەم بوارەدا (لاشلی و هیپ) ن.

ڕوانـگەی سـێیەم: لە ڕوانـگەی کـۆمەڵایەتییەوە وا تەماشـای زیرەکیـی کـرا کە خۆگونجانـدنە لەگەڵ کـۆمەڵ و بەرهەمی کارتێکردنە لەنێوان تاك و ئەو کۆمەڵەی کە تێیدا دەژی، ژمارەیەکی زۆر لە دەروونزانەکان ئەو هەڵوێستـەیان وەرگرت وەك (سۆرەندایك و دۆڵ). (علی، ٢٠٠٧: لا١١٨-١١٩).

لەگەڵ ئەوەشدا زیرەکیی لەو چەمکانە نییە کە بە ئاسانی پێناسـەبکرێت، تەنانەت لە نـاو پسـپۆڕانی بوارەکەشـدا ناکۆکی هەیە لە چۆنییەتی پێناسەکردن و دیاریکردنی خەسڵەتەکانی، چـونکە چەمـکەکە وەك ناوێـك بەکاردەهێنرێـت بۆ هەر شتێك، یان ئامانجێك کە خەسڵەت و تایبەتمەندی دیاریکراوی هەبێت، لە خوودی خۆیدا (زیرەکیی) چەمکێکی ڕووتەو تەمومژوو ماناکەشی زۆر بەرزە، خەسڵەتی دیـاریکراوی نـییە وەکـو درێـژی، یـان کـورتی، یـان کـێش، یـاخوود ڕەنگ. . . بۆیە کاتێ لێکۆڵینەوە لەسەر زیرەکیی، یان پێوانەکردنی دەکرێت، ئەوا ئێمە پێوانەی ئەو ڕەفتارە دەکەیـن کە لە ئەنجامی زیرەکییەوە دێتەدەست، نەك خوودی زیرەکییەکە. (بارەندەر، ٢٠١٠: لا ٥٦).

جگە لەمانەی کە خستمانەڕوو، لەلایەکی تریشەوە ڕۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبـین کە فلاَنـکەس زیـرەکە، یـان فـلاَن بنەماڵە منداڵەکانییان زیرەك و بلیمەتن، هەندێجار سەرکەوتن و پێشکەوتنی کەسێك لە بوارێك لە بوارەکانی ژیـان، بـۆ نموونە سەرکەوتن لە قوتابخانە وامان لێدەکات کە ئەو کەسە بە زیرەك ئەژماربیکەین. بەلاَم لە ڕاستیدا زیرەکیـی وەك زاراوەیەکی دەرونزانی تەنها بواری خوێندن ناگرێتەوە، بەڵکو گشت بوارەکانی تری ژیـان دەگـرێتەوە، لەهەمانکاتیشـدا مەرج نییە ئەو کەسەی لە قوتابخـانە دوواکەوتـوو بێـت کەسـێکی دەبەنـگ بێـت، لەوانەیە هەنـدێ فـاکتەری دەرەکـی بوبێتەهۆی ئەوەی ئەو کەسە سەرنەکەوتووبێت. (علی، ٢٠٠٧: لا١١٧).

زیرەکیی و ڕەفتاری زیرەکانە، بـریتییە لە خێرایـی گەیشـتن بە وەڵامـدانەوە، یـان بە چارەسـەری ئەو کێشـەیەی کە دەخرێتە بەردەمی، یان توانای دۆزینەوەی چارەسـەر بـۆ هەر گرفتێـك کە دێـتە پێشـەوە، بـۆ ئەوەی کەسـێك بتوانێـت چارەسەری کێشەیەك بکات، پێویستە لە سەرەتاوە بەتەواوی بە سروشتی کێشەکە ئاشنابێت، پاشان شـیتەڵی بکـات و دواجار بەدوای ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێت، ئینجا ئەو زانیاریانەی دەیانزانێت بەسەر کێشـەکەدا جێبەجێیبکات، لە کۆتایـدا بڕیاری لە بارەوە بدات و چارەسەرەکەی پێشکەشبکات، هەموو ئەم کردارانە لە چوارچێوەی نەخشەیەکی تێرو تەواوی پێکەوە گونجاوی هاوسەنگدا دەبێت. (بارەندەر، ٢٠١٠: لا٥٨).

لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کە تایبەتمەندی زیرەکیی بدەنە پاڵ ئەو کەسانەی بەخێرا تێگەیشـتن و وەڵامدانەوە دەناسرێن، ئەوەی بە دەم و دوو بێت و یەکسەر وەلاَمی حـازری بەدەسـت بێـت و ڕووانـین و بینینێکـی ووردی هەبێت و بەجوانی پشتی شتەکان ببینێت، توانای ئەوەی هەیە بەخێرایی لەگەڵ هەڵوێسـتە نـوێیە کتوپڕەکـان خۆی بگونجێنێت و شت فێرببێت و شارەزاییەکانی پێشووی خۆی لە چارەسەرکردنی گرفتە نوێیەکانـدا بەکاربهێنێـت، هەروەها توانای ئەوەشی دەبێت داوەری و داهێنان بکات و ڕەخنەبگرێت. (شەکشەك، ٢٠١٢: لا٤١).

کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە زیرەکیـی چەمکێکی گریمـانە و نادیـارە و نـاتوانین ڕاسـتەوخۆ هەسـت بە بـوونی بکەین، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی شوێنەوارو کاریگەرییەکەیەوە هەست بە بوونی دەکەین، بە تایبەتیش ئەو کاتانەی کە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکاندا ڕەنگدەداتەوە. (قەرەچەتانی، ٢٠١١: لا٢٩٥).

## تەوەرەی دووەم: زمان

### * پێناسەی زمان:

١- (ساپیر) بەم شێوەیە پێناسەی زمان دەكات: زمان هۆیەكی ناغەریزی تایبەتی مرۆڤە بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەكاردێت و بەهۆی ڕەمزی لەسەر لە یاسا ڕۆیشتوەو كار دەكات و لە ژێر دەسەلآتی مرۆڤدایە. (فتاح، ١٩٩٠: لا٥).

٢- زانا هۆڵ بەم شێوازە پێناسەی زمان دەكات: زمان فەرمانگەیەكەو خۆی و بەڕێوە بردنی خۆی لە دەستی خۆیدایە. لە ڕێگەی فەرمانگەكەوە مرۆڤەكان گفتووگۆ لەگەڵ یەكتری دەكەن و لەیەكتر تێدەگەن، بۆ ئەم مەبەستە لەڕێی بەكارهێنانی ڕەمزی دروستكراوی دەستور بەدەری زاری (بەدەم)و گوێ(بە بیستن)، (بە دەنگ یان بە دەنگی)ەوە تێكەڵ بەیەكتری دەبن و كار لەیەكتر دەكەن، لێرەدا قسەكەر، یان نێرەر لە گەڵ گوێگر، یان وەرگر دەگرێتەوە. مرۆڤەكان ڕەمزەكان لە شێوە (خوو). دا بۆ تێكەڵ بوون و كارتێكردن لە یەكتری بەكار دەبەن. (مەحوی، ٢٠٠١: لا١١).

٣- زمان: دیاردەیەكی تایبەت بەمرۆڤە و بەیەكێك لە چالاكیەكانی دادەنرێت، ئاخاوتن كە بەرجەستە كردنی ئەو زمانەیە و لایەنێكی ڕەفتاری بیری مرۆڤە. (كریم، ٢٠٠٥: لا٤).

پێناسەی دیاردەیەكی وەكو زمان كارێكی هەروا ئاسان نییە بەتایبەتی لەبەر ئەوەی دیاردەكە لە زۆر ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە سەیردەكرێت و هەر شارەزایەك لە چوارچێوەی بابەتەكانی خۆیەوە لێی دەكۆڵێتەوە، بێگومان پێناسەی زانایانی دەروونناسی و زانایانی زمانیی و ئەندازیاری و فەیلەسوفەكان ناشێ وەكیەكبن، لەبەرئەوەی زمان دەیان پێناسەی بۆ كراوە.

(بلۆك و تراگەر) پێیانوایە: زمان چەن ڕەمزێكی لەخۆوەیە كە بەهۆیەوە كۆمەڵ دەتوانێت هەرەوەزی بكات. (فتاح، ١٩٩٠: لا٥).

هەروەها بەپێی تێڕوانینی ڕێزمانیی گشتی، گەوهەری سروشتی زمان لەسەر كۆزانین وەستاوە، واتە مەعریفییەو وەكو دیاردەیەكی سایكۆلۆژی دەبینرێت، گرنگترین شت ئەوەیە كە فۆڕمی زمان لەبارەی ئاوەزی مرۆڤەوە دەیخاتەڕوو ئاشكرایدەكات، بەلآم ئەم تێڕوانینە تاكە تێڕوانین نییە و تاكە لایەنی زمانیش نییە كە پێویستە وریا بین بەتەواوی نەیدەینە پاڵ مرۆڤ، چونكە ڕەنگە زمان بەشێوەیەك لە شێوەكان جۆرە بینایەكی معریفی بێت، بەلآم تەنها هەر ئەوە نییە، زمان وەكو كەسانێكی زۆر پێی لەسەر دادەگرن وەك هۆكارێكی گەیاندن و دەسەلآتی كۆمەلآیەتی كاردەكات. ڕاستە لەسەر زانیاری ئەبستراك لە عەقڵدا هەڵدەگیرێت، بەلآم بۆئەوەی ئەوە ڕوووبدات پێویستە ئەو زمانە لە جیهانی دەرەوەدا وەكو ڕەفتاری كردەنی ئەزموونبكرێت و بەكاربهێنرێت. (ویدۆسن، ٢٠٠٨: لا٢٠).

یان زمان ئەو تۆڕە تێكچرژاوەیە، تاكەكانی كۆمەڵ و كۆمەڵەكانی جیهان پێكەوە دەبەستێتەوە، زمان كەسایەتی و تەمەن و ڕەگەزوو شوێن و ئاستی ڕۆشنبیری و بیروڕاو مەبەستی مرۆڤ ئاشكرا دەكات، كەواتە زمان كاریگەرییەكی كارای هەیە لەسەر ژیانی تاك و كۆمەڵ، سەبارەت بەتاك هۆكاری پەیوەندیكردنە بەدەوروبەرەكەیەوە، لەڕێگەی ئەم پەیوەندیكردنەشەوە درك بە مەبەستەكانی خۆی دەكات و دەگاتە مەرامەكانی. (عبدالرحمان، ٢٠٠٩: لا١٧).

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو شێوەكانی زمان كە بەكاریاندەهێنین، چ زمانیی جیاواز بێ، یان شێوازی هەمەجۆری یەك زمان، لەنێوان دوو جەمسەردا بلآودەبنەوە، لەژێر ئەو دوو جەمسەرەشدا چەندین ئەركی گرنگ هەن: جەمسەری زمانیی بلآو لەلایەك كە جەمسەرێكە شێوەزارەكانی زمان دەستنیشاندەكات، بەجۆرێك ئێمە هەڵیاندەبژێرین كاتێك دەمانەوێت پەیوەندی لەگەڵ زۆرترین ژمارەی خەڵك ببەستێت، هەروەها لەلایەكی ترەوە جەمسەری زمانیی تایبەت،

ئەویش جەمسەرێکە کە پێچەوانەی جەمسەری یەکەم، دەستنیشانی ئەو شێوەزارانە دەکات کە دەمانەوێت لەگەڵ کەمترین خەڵکدا پەیوەندی بکەین بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندی خۆمان و سنووری کۆمەڵ، ئەو دوو چەمکەش (چەمکی تایبەت و چەمکی بلاَون). کە لەگەڵ بارووددۆخی فرەزمان و لەهەمانکاتدا لەگەڵ بارودۆخی تاك-زمانیشدا دەگونجێن. (مستەفا، ٢٠١٢: لا٧٩).

*** زمان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا:**

جێگەی خۆیەتی سەرەتا پێناسەی پەیوەندی زمانیی بکرێت، پاشان بچینە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکەوە کە ئەویش زمانە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا.

پەیوەندی زمانیی: بریتیە لە گواستنەوەی واتاکان بەهۆی ڕەمزە دەنگیەکانەوە، لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسن و خوێندنەوەوە. (حبیب، ١٩٩١: لا٧٥).

پەیوەندیکردن لایەنێکی گرنگی ئەرکەکانی زمانە، زمانەوانان لەو گریمانانەی کە باس لە پەیدابوونی زمان دەکەن، پەیوەندیکردن بە یەکێك لە گریمانە گرنگەکانی پەیدابوونی زمان لەقەڵەمدەدەن، بەوەی کە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بونەوەرێکە هەر لەگەڵ پەیدابوونیدا، ئارەزووی پەیوەندیکردنی بەدەوروبەرەکەیەوە هەبووە، لە ئەنجامی ئەمەدا زمانیی پڕاوەو فێری ئاخاوتن بووە، زاراوەی پەیوەندیکردن بە واتا گشتییەکەی ئاماژە بۆ ئەو پرۆسەیە دەکات کە بەهۆیەوە پەیامێك، یان کۆمەڵە پەیامێك لە نێرەرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ وەرگر، بەلاَم زاراوەی پەیوەندیکردنی جەماوەری بە واتا دیاریکراوەکەی واتای گواستنەوەی پەیام دەگەیەنێت بەهۆی هۆکارە هونەرییە جەماوەرییەکانی وەکو (تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەو ڕادیۆ.. هتد). . (حبیب، ١٩٩١: لا٦٣).

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی زارەکی ڕۆڵی کاریگەر لە توانای بەکارهێنانی زمان دەگێڕێت، کە ئەم پەیوەنیکردنە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئاخاوتن و گفتوگۆ بەهەموو شێوەکانیەوە دەبێت، بەکارهێنانی زمان بۆ پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە کۆمەڵگاکان پەرەیانسەندوو توانای ئەوەیان هەبووە کە وشە دابرێژن و واتای بۆ دابنێن، بەهۆیەوە تاکەکان پەیوەندیان بەیەکتر دەکردوو لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان پشتیان بە نیشانەکانی دەبەست و گوزارشتیان لە هەست و نەستەکانیان دەکرد. شتێکی سروشتییە کە زمان پێشبکەوێت وەك ئامرازێکی نوێی پەیوەندیکردن. (فاروق، ٢٠١٣: لا١٨٦).

لەگەڵ ئەوەی زمان لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیەو هەر وشەیەك جێگەی نیشانەیەك دەگرێتەوە، کەچی وشەکان لە بنەڕەتدا هێمای زارەکی ئەبستراك نین، بەڵکو لێکدراوێکی زمانەوانین، مەبەست لێی گواستنەوەی مانایەو مەدلولە هێماییەکەی لە سیاقی ڕستەدا دەگۆڕێ و لە هەر جارێکی بەکارهێنانیدا، دەلالەت و چێژێکی جیاواز لەوەی پێشوو بەدەستەوە دەدات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی زمان، یان وشە دوو ڕەهەندی سەرەکی هەیە ڕەهەندێکی مادی و ڕەهەندێکی مەعنەوی کاتێك کارەکە پەیوەست دەبێت بەبواری ڕاگەیاندن و گواستنەوەی زانیاری، ئەوا ڕەهەندە مەعنەوییەکەی وشە دەبێتە جێگەی گرنگی و بایەخ، بۆیە دەبێت کادیری ڕاگەیاندن بە وردی مامەڵە لەگەڵ شێوازی پەیوەندیکردنی زمانەوانیدا بکات و گرنگییەکی زۆر بەجەماوەر بدات، چونکە ئێمە وەك (وڵبرشرام). دەڵێت: کاتێك پەیوەندی بە غەیری خۆمانەوە دەکەین، دەمانەوێت جۆرێك لە هاوبەشی لە نێواندا دروستبکەین، بەم شێوەیە زمان وەکو هۆیەکی بنەڕەتی و گرنگ لەنێو هۆیەکانی تری ڕاگەیاندندا دەردەکەوێت. (کەریم، ٢٠٠٥: لا٤٧).

*** زمان و پەیوەندی بە دەروونشیکارییەوە:**

لەوانەیە زۆر کەس بڵێت: زمان بابەتێکە کە تەنها بۆ خوێندن و پرۆگرام ئەبێت، بەپێی بابەتی زمان و بەشەکانی وەك (نەحو، هۆنراوە، وێژەو، رەوانبێژی). زۆر کەسیش وای دادەنێت کە بابەتێکی تایبەتی زمان (ئەو بەشە نوێیانەیە کە بە رێژەیەك بایەخ بە خوێندنێك ئەدات کە پەیوەستە بە زمانەوە بە شێوەیەکی گشتی، بەبێ هیچ کۆتێك کە پەیوەندی بە زمانیی خێڵەکی و خوودیەوە هەبێت هەر ئەمەشە کە بە زمان ئەناسرێت. . . زانستی زمان و هەندێ لێکۆڵەرەوانی تر وایئەبینن کە زمان بەشێوەیەکی رێژەیی گەشە ئەکات، کە (فیردینانت دی سوسیر) چەختی لێدەکاتەوە، کە بەخاوەنەکەی ئەناسرێتەوە بەوەی زانستێکە هەوڵئەدات بۆ لێکۆڵینەوەی زمان کە لێکۆڵینەوەیەکی پیاهەڵدانی بابەتیانە بێت، بەڵام زانستی دەروونی ڕەفتار ئەکات لەگەڵ زمان بەوەی کە ڕەفتارێکە ئەتوانرێت بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بە بەکارهێنانی پرۆگرام و رێکارەکانی دەروونناسی جیاواز، کە بایەخئەدات بە پەیبردن و چۆنیەتی جیاوازیی زمان و ڕەفتارکردن لە گەڵ یەك و هەستکردن بە وشەکان، یان دیاریکردنی شێوەکانی و چۆنییەتی بەدەستهێنانی زمان و فێربوونی، خوێندنی رێگاکانی کە مرۆڤەکان پێی بەردەوام ئەبێت، ئەویش لە ڕێگەی زمانەوە. (یوسف، ١٩٩٠: لا ١٧).

دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان زمانناسی و دەرونناسی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمان، چونکە یەکێکە لە ڕوخسارەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی دەروونناسی مەبەستی توێژینەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بێت، ئەوا توێژینەوەی ڕەفتاری زمانیی بە خاڵی بەیەکگەیشتنی دەروونناسی و زمانناسی دادەنرێت، هەندێ لەزاناکان وای بۆ دەچن کە توێژینەوەی زمانیی ناتەواو دەرئەچێت، ئەگەر لەسەر بناغەی توێژینەوەی ئەو هێزە دەروونییە شاراوەیەدا نەکرێت کە خۆی لەپشت زمانەوە شاردووەتەوە، هەروەها پێویستە توێژینەوەی دەرونیش پشت بە دەستکەوتەکانی زمانناسی ببەستێت، پاشان هەردوو زانستی زمان و دەروون تێکەڵ بەیەك بوون ئەنجام زمانناسی دەروونی هاتووەتەکایەوە، قوتابخانەی ڕەفتاری بایەخێکی زۆری بە ڕەفتاری زمانیی دا، ئەمیش کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر لێکۆڵینەوەی زمانیی ئەمریکی هەبوو بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە مەسەلەی زمان جیاوازی لە نێوان لێکۆڵینەوەی زمانەوانەکان و لێکۆڵینەوەی زانایانی دەروونناسیدا هەیە، زمانناسی زیاتر بایەخ بەو دەستەواژە دەربڕاوانە دەدات کە لە ڕشتەی دەنگی قسەکەرەوە دەردەچێت بە نێو هەوادا دەڕوات تا دەگاتە ئامێری بیستنی بیسەر واتە (گوێی). ئەمیش مانای ئەوەیە کە ئەو پرۆسسیانەی کە لە مێشکدا ڕوودەدات پێش دەربڕینی دەستەواژەی دەربڕاو ناکەوێتە نێو چوارچێوەی زمانناسییەوە. (سۆسێۆر، ٢٠٠٥: لا٧٥).

لە گەڵئەوەشدا چەقی تێگەیشتنی زانا (لاکان) بۆ مرۆڤ ئەم بڕوایەیە کە ناوشیاری خۆی حوکمی هەموو فاکتەرەکانی بوونی مرۆڤ دەکات، کە ئەمەش بونیادێکی وەکو بونیادی زمانیی هەیە، (لاکان) بنەڕەتی ئەم بۆچوونەی خۆی دەربارەی بونیادی ناوشیاری لەسەر دوو میکانیزمی سەرەکی پرۆسەی ناوشیاری داناوە کە (فرۆید) باسیکردوون، ئەو میکانیزمانەش بریتین لە چڕبوونەوە (کە بە مانای چڕبوونەوەی چەن ئارەزوویەکە لەیەك نیشانەدا). دووەم، جێگرتنەوە: (کە بەمانای دەرکەوتنی یەك ئارەزوو لە چەندین نیشانەدا). ئەم دوو میکانیزمە هەر دووکیان دوو دیاردەی بنچینەی زمانناسین، چڕبوونەوەی واتا دابەشبوون، یان جێگرتنەوەی واتا (مجاز).

(لاکان) بیرماندەخاتەوە کە شیکردنەوەی (فرۆید) بۆ خەون و زۆربەی شیکردنەوەکانی بۆ ئەو سیمبۆلیزمی ناوشیاری لەلایەن نەخۆشەکانییەوە کاری پێدەکرا بەپێی یاری بە وشە، واتا جناس. . واتا کێشکێ و هتد. کە ئەمانەش بەزۆری زارەکین، (لاکان) دەڵێت ناوەڕۆکی نەست چڕبۆتەوەو ئاگاداری زمانەو بە تایبەتیش بونیادی زمان.

کەوابوو بەپێی تیۆرەکەی (لاکان) زمان لە پانتای واقعدا بوونی نییە، چونکە لەم پانتایەدا ونکردن و بزرێتی و نەبوون لە ئارادا نییە ئەم پانتایە پانتای پڕبوونی تەواوە، پانتای پێداویستی و تێربوونی پێداویستییەکانە، هەر بۆیەش پانتای واقعی هەمیشە لەولای زمانەوەیە کە لەزماندا نانوێنرێتەوە (هەر بۆیەش کاتێ مرۆڤ دەچێتە نێو زمانەوە ونکردنی بێ گەڕانەوەی وندەکات). . (رحیمی، ٢٠٠٧: لا ١٣٥).

*** کارابوونی زمان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا:**

تێڕوانینێك بۆ کارابوونی زمان تەماشاکردنێتی لەگۆشە نیگای ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتیانەی کە جێبەجێیدەکات. ئەوەی مایەی سەرەنجدانە ئەوەیە کە ئەم تێڕوانینە لەسەر سیستەمی هێماکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە کلتوری و ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگە مرۆییەکان بنیادنراوە، لەم بارەشدا پتر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە (مایکڵ هالیدەی) ناوینـاوە (زمـان وەکـو سـیمۆتیکای کـۆمەڵایەتی). واتە مـامەڵەکردن لەگەڵ زمـان وەکـو سیسـتەمی هێماکـان، ئەو هێمایـانەی کە هۆکـاری کۆمەڵایەتیـان لەپشـتەوەیە و لەبنەڕەتـدا بـۆ ئەوە هاتوونەتەکـایەوە گوزارشـت لە واتـا کۆمەڵایەتییەکان بکەن. (ویدۆ وسن، ٢٠٠٨: لا٢٠).

هەروەها کاتێك باس لە کاراکردنی زمان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا دەکرێت، ئەوا باس لە چەمکی (زمـان، کـۆمەڵ) دەکرێـت کە بـۆ یەکتـری داهێنـراون ئامـادە نەبـوونی هەر یەکێکیـان ئامـادەبوونی ئەوی تریـان بێبەهـا دەکـات، ئەو ئاوێتەبوونەی ئەو دووانەیە، ئەو دەمە زیاتر ئاشکرا بوو کە بە درووستی دراسەی زمـان کـرا، هەوڵدرا بزانرێـت زمـان خۆی چییە؟ نەك ڕوواڵەت و ئەدگارەکانی زمان، لەهەمانکاتدا (وارد هاك) ١٩٨٦ لە ڕوانگەی مارکسیەوە لە پەیوەنـدی نێوان زمان و کۆمەڵی کۆڵیوەتەوەو نوسیوێتی: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، شیاوی ئەوەیە بریار لەسەر پێکهـاتەی زمـانیی بـدات، هەر ئەمەش وایکـردووە زمـانیی منـداڵ و گەنـج جیـا بێـت لە زمـانیی پیرەکـان، بە هەمـان شـێوە پێکهـاتەی زمانەوانیش دەتوانێت کار لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بکات. کەواتە هەر دووکیان کار لەیەکتری دەکەن، کاریگەریەکەش لە سروشتدا دوو لایەنەیە بۆیە دەکرێ بڵێین کاریگەرییەکە دیالێکتییە. (ناوخۆش، ٢٠٠٨: لا١٤٧).

ڕوون و ئاشکرایە کە سەرتاپای ژیانمان دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی قسەکردنمان چونکە هۆکاری پەیوەنـدیکردنمانە. لای (جۆن لایەنز) زمان ئامێرێکە لە خزمەتی پەیوەندیکردندایە، کەواتە پەیوەندیکردن ئەو پرۆسـە ئـاڵۆزەیە کە بەبـێ زمان ئەنجامنادرێت، چونکە (زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندیکردنی نێوان ئـادەمیزادە، بـێ زمـان پەیوەنـدی لەنێـوان ئادەمیزاد پەیدا نابێت، بێ پەیوەندی کۆمەڵ ساز نابێ). جا ئەو زمانە زمانیی نوسراو یان گوتراو گووتەیی و نـاگوتەی بێ. (عبدالرحمان، ٢٠٠٩: لا١٧).

**تەوەرەی سێیەم: زیرەکیی زمان:**

*** پێناسەی زیرەکیی زمان:**

١- زیرەکیـــی زمـــان:- پەیوەنـــدیکردنە بەکەســـانی تـــرەوە و بە بەکارهێنـــانی لێهـــاتووی زمـــانەوانییە لە ڕووبەڕووبوونەوەدا. بەکارهێنانی زمان بۆ ڕازیکردنی کەسانی تر و گەیاندنی زانیارییەکان. (علیوات، ٢٠١٢: لا١٨).

٢- زیرەکیی زمان:- توانایەکە بۆ گوزارشتکردنی زمان و بەکارهێنانی وشە، توانـایەکە کە تاکەکـان هەیـانە بەرامبەر بە کەسانی تر. وتاربێژەکان و دەمسپی خێڵەکان خاوەن ئەم جۆرەی زیـرەکییەن، بە لێهـاتووی خۆیـان پێشـی ئەخەن، ڕەنگیشە بتوانن بخزێنە ناو مێشکی مرۆڤیشەوە. (أبو مصلح، ٢٠٠٦: لا٢٥٦).

٣- زیرەکیی زمان:- بریتییە لە زیرەکیی وشە کە بەشێوەیەکی ئاسان دەردەکەوێ لەکاتی مامەڵەکردن بەزمان و خوێندنەوەو نووسین و ئاخاوتن، خاوەنی ئەم زیرەکییە ئەتوانێت بە ئاسانی بەرهەمی زمانیی بەدەستبهێنێ، هەست بەجیاوازی دەکات لەنێوان وشەکان و ڕێکخستنیان بە شێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێت لەلای نووسەرو شاعیر و وتاربێژ. (ئیبراهیم، ٢٠٠٨: ل٢٨٣).

٤- زیرەکیی زمانیی:- زیرەکیی زمانیی، یان زیرەکیی زارەکی بریتییە لە توانای بەکارهێنانی زمان و هەستکردن بە وشەکان و واتاکانیان، زانینی بنەماکانی ڕێزمان و نەحوو توانای جوانکارییەکانی بەدیهێنەر بۆ هۆنراوە و توانای جوان دەربڕین، هەروەها توانای گواستنەوەی بیرۆکەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ بەرامبەر، کەسانی خاوەن زیرەکیی زمانیی وەکو شاعیرو ووتاربێژوو بێژەران.

*** زیرەکیی زمان و پەیوەندی بە لایەنی بایۆلۆژییەوە:**

ئاشکرایە کە زمان بنەمایەکی بایۆلۆژی هەیە، زانایان ئەوەیان سەلماندووە کە پەیوەندییەکی لە دوای یەك و ڕێکخراو هەیە سەبارەت بە گەشەی زمانەوان لە روی فسیۆلۆجییەوە. لەم بارەیەوە (لینبیرگ) گریمانەیەکی دارشتووە بە ناوی (گریمانەی تەمەنی تەنگەبەر)، تێیدا تەمەنی نزیککراوەی بۆ فێربوونی زمان دیاریدەکات کە لەگەڵ ئاستی پێگەیشتنی مۆخدا دەگونجێت، چونکە ناوچە پێویستەکانی پەیوەندی لە مۆخدا بۆ گەشەی ئەرکەکانی ئاخاوتن بە ماوەیەکی درێژ لە قۆناغی منالیدا گەشەدەکات، زانایانی فسیۆلۆژیای مێشك جەختدەکەنەوە کە ناوچەکانی پەیوەندی تەنها بەس نین بۆ تێگەیشتن لەمیکانیزمی ئاخاوتن، بەڵکو دەبێ سەرجەم مێشك تاوتوێبکەین بەوپێیەی پێوەدانگێکی تەواوکراوەو هەر بەشێك تێیدا لەسەر زیاد لە چالاکییەك لەچالاکییەکانی مێشك کاریگەرە. (ئەلریماوی، ٢٠١٢: ل٢٠٣).

زۆربەی زۆری زانایان و توێژەرانی بواری زیرەکیی لەو بڕوایەدان کە جیاوازی سەرەکی لەنێوان کوڕو کچدا نییە و سەرجەم ئەو توانایانەی کە لەلای ڕەگەزی (نێر) هەیە، بەهەمان شێوەش لەلای ڕەگەزی (مێ)ش هەیە، بەڵام جیاوازی لە بڕی ئەو توانستەدا هەیە، بۆ نموونە کوڕان زیاتر سەرکەوتووترن لەبواری میکانیکی و ماسولکەیی، بەڵام کچان بە زۆری لەبواری زمان و قسەکردن و کاری سکرتارییەت سەرکەوتووترن، هەرچەندە لە توانای هەردوو توخمدا هەیە کە سەرجەم کارو چالاکییەکان بکەن، لەبەرئەوەی جیاوازی لەنێوان ڕێژەی زیرەکیی کچ و کوڕدا نییە تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن. (قەرەچەتانی، ٢٠١١: ل٢٩٥).

لایەنگرانی ڕەهەندی ئەندامی پێیانوایە کە زیرەکیی بەگشتی و زیرەکیی زمانیی بەتایبەتی لەسەر بنەمایەکی زیندووی ئەندامی و ساغی ئۆرگانی دەماری و بزافی مێشك بنیادنراوە، بەڵام توێژینەوە بەراوردکارییە دەروونییەکان ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە کە زۆربەی ئەو کاردانەوەو وەڵامدانەوانەی کەوا دێنە بەرچاو چەشنی ڕێبازدارو ئامێریانە بن. کە لەبنەمادا ئەندامین و دەچنە ژێر کاریگەری دەوروبەرو کردەی فێربوونەوە، کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆئەوەی زیرەکیی بەرەهەندی دەروونی لێکبدرێتەوە. (شەکشەك، ٢٠١٢: ل٤٤).

ئێمە دەزانین کە هەندێ کەس لە ڕەهەندی زیرەکترن و دەرونزانەکان هەوڵیان دا بزانن هۆی ئەو جیاوازییە چییە لەنێوان خەڵك لە پلەی زیرەکیان، هەندێ لە دەرونزانەکان هۆیەکەیان گەڕاندەوە بۆ بۆماوە. واتە گەر دایك و باوك زیرەك بن، ئەوا مناڵەکانیشیان زیرەك دەبن و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕایە، دەرونزانەکان چەندەها تاقیکردنەوەیان ئەنجامداوە یەکێك لەو تاقیکردنەوانە لەسەر ئەو منداڵانە بوو کە لە خانەی بێنەوایان دەژیان، چونکە ئەو منداڵانە لەیەك ژینگەدا پەروەردە کراون، بۆیە ئەگەر زیرەکیی بەرهەمی ژینگە بێ دەبێت ئاستی

زیرەكیی ئەو مندالآنە وەكیەكبن، بەلآم ئەو دەرونزانانە تێبینی ئەوەیان كرد كە ئاستی زیرەكیی ئەو منالآنە لەیەكتری جیاوازن، ئینجا گەیشتنە ئەو ڕایەی كە ئەو جیاوازییە ئەنجامی بۆماوەیە، نەك ژینگە. (على، ٢٠٠٧: ل١٢٦).

**تەوەرەی چوارەم: بێژەری:**

*** مەرجەكانی بێژەری تەلەفزیۆن:**

بێژەری سەركەووتو پێویستە چەن مەرج و خاسیەتێكی هەبێت، هەر بێژەرێك تواناو ئەزموونێكی تایبەتی خۆی هەیە كە ڕەنگە ئەمە زیرەكایەتی هەر بێژەرێك بەپێی ئاستی خۆی دیاریبكرێت، بەلآم ئەو وێنەیەی كە لەلایەن بینەری تەلەفیزۆنەوە بەرامبەر بە بێژەر دروستدەبێت ئاخۆ كام لەو بێژەرانە سەركەوتووە بە لایانەوە ئەم مەرجانەش بریتین لە:

١- بڕوای بە خۆی هەبێت، خاوەنی بەهرەو تواناو لێهاتووی سروشتی بێت.

٢- زمانێكی ڕەوان و پاراوی هەبێت، مافی تەواو بە دەربڕینی وشەو دەستەواژەكان بدات.

٣- كەسێكی ڕۆشنبیرو خوێنەرێكی بەردەوام بێت.

٤- لە ڕووی دەرونییەوە حەز بە حەزوو ئارەزووەكانی بینەر بكات.

٥- شارەزا بێت لەو زمانەی كە بەكاری دەهێنێت، لایەنی كەمیش زمانێكی دیكە بزانێت بە تایبەت ئەو بێژەرانەی كە لە كەناڵە ئاسمانییەكان كار دەكەن.

٦- دەنگێكی خۆش و بەهێزوو هەناسەیەكی درێژی هەبێت.

٧- هەموو بەرنامەو بابەتێك وەرنەگرێ، تەنها ئەوانە نەبێ كە لەگەڵ ڕیتم و تۆنی دەنگ و خواست و تواناكانی دەگونجێ.

٨- بەمەشق و ڕاهێنانی بەردەوام گەشە بە ڕیتم و تۆنەكانی دەنگی بدات.

٩- لە خوێندنەوەی بابەتەكان پەلە نەكات دان بە بڕگەو وشەكاندا بنێ.

١٠- بێژەر تەنها خوێنەر نەبێ، بەڵكو دەبێ لە ئامادەكردن و داڕشتنی بابەتەكان بەشداری بكات. (عزیز، ٢٠١٣: ل٤٣، ٤٤).

*** زمانی بێژەر:**

زمان بەهەموو واتاكانییەوە لە بێژەر جیانابێتەوە. زمان چی وەك زمانی نەتەوە بەهەموو وشەو هێماو ئامازەو زاراوەگەلە بێدەنگ و بێ جوڵەكانەوە، بە ڕێزمان و دەستورە شاردراوەو لەزەین و نەستدا تۆماركراوەكەیەوەو. چ وەك ئاخاوتن و گوزارەی زیندوو هەستپێكراو بە هەموو (لەفز) بێژەو ئاوازو تۆنەكانییەوە، یەكەمین سەرمایەی بێژەری هەموو ماسمیدیاكانی جیهانن، كەواتە بێژەر یەكەمین كەسێكی ناو ماسمیدیاكانە خەریكی پرۆسەی بەرهەمهێنانی قسە(ئاخاوتن) ە.

یەكەمین مەرجی سەرەكیش بۆ وەرگرتنی بێژەرو هەواڵساز لە هەموو میدیا پیشەوەری و ناپیشەوەرییەكان ئەوە نییە شارەزای تەواوی لە پیشەكەدا هەبێت، بەڵكو دەبێت زمانزان بێت دەرچووی كۆلێژی ئەو زمانە بێت كە كەناڵەكە بەكاردەیهێنێت. (حەسەن، ٢٠١١: ل٢٥).

بە شێوەیەكی گشتی توانای زمانیی و ڕەوانبێژی بەهونەرێك دەژمێردرێت كە پشت بە بەهرە دەبەستێت، بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە ئەستەمە خۆت ڕابهێنی و فێری ببی، هەر كەسێك دەنگێكی باشی هەبێت و كێشەیەكی

دیاریکراوی نەبێت لە وتن و دانان بە وشەکاندا، دەتوانێ مەشقبکات لەسەر هونەری ڕەوانبێژی و دەتوانێت داهێنەر بێ و داهێنان لەو بوارەدا پیشانبدات، ئەو کەسەی کە خاوەن بەهرەیە دەتوانێت بە مەشقێکی کەمتر ببێت بە بێژەر، ئەو بەهرەیەش دەتوانین لەمناڵییەوە لە ڕێگەی گوێگرتن لە وێستگە جۆراوجۆرەکان گەشەی پێبدەین، بێگومان درێژەی ئەو ماوەیەی کە مەشقی تێدادەکرێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. چەند ئاستی ئەو بەهرە ڕەوانبێژییەی بەرز بێت، ئەوەندە ڕێگەی بوون بە بێژەرێکی لێهاتووی پرۆفیشناڵ کورتتردەبێتەوە. بە دیوێکی تر ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێ ئەوانەی بەهرەی ڕەوانبێژیان کەمە لە ئاستێکی نزمدایە پێویستیان بە چڕکردنەوەی پرۆگرامی مەشقکردنیان هەیەو هەروەها پێویستیان بە ماوەیەکی درێژترە تا بگەن بە ئامانجەکانییان. (حمیدی، ٢٠١٠: لا ١١٩).

بێژەر بە هەر زمانیی بێژەری بکات ئەبێ بە تەواوی دەسەلاتی بە سەریدا بشکێ، کاتێ بێژەر بە شێوە زمانیی باوی ناوچەیەك قسە ئەکات، بەلآم خۆی زاراوەی ناوچەیەکی تری هەیە، نەك هەر تەنیا قبوڵکردنی قسەکانی بۆ بیسەران سەختە، بەڵکو لەوەیە شێوەی قسە کردنەکەشی ببێت مایەی پێکەنینی زۆر لە گوێگرەکان. (شەیدا، ٢٠٠٢: لا٢١).

*** بێژەری هەواڵ:**

بەر لە باسکردنی پیشەی بێژەری هەواڵ جێگەی خۆیەتی کە پێناسەی هەواڵ بکەین و بە شێوەیەکی ئەکادیمی پێی ئاشنا بین..

هەواڵ:- گوزارشتێکە لە ڕووداوە ڕاستەقینەو بینراوەکان کە خاوەنی بەهان، یاخود چەندین (بەهای هەواڵی) بێت، چۆنییەتی خستنەڕووی ئەم گوزارشتە لە ژێر کاریگەری (فاکتەرە ناوخۆیەکانی دامەزراوەکە). و (فاکتەرە دەرەکییەکان) ی دامەزراوەکە فۆرمەڵە دەبێت. (بەدیعی، قەندی، ٢٠١٠: لا٧٨).

بێژەر لەزۆربەی کاتەکانی پەخشکردندا بەدەردەکەوێت، چونکە هەستیارترین و بەرچاوترین شوێن لەتەلەفیزۆندا شوێنی بێژەرە، بێژەر جگەلەوەی ئەبێت لەهەموو ڕوویەکەوە لەناخەوە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، هاوکات پێویستی بەگونجاندنی سیماو دەموچاویشی هەیە کە هاوسەنگییەکی گەرەکە کە هەموو کەس ناتوانێت خاڵی ئەو هاوسەنگییە بدۆزێتەوە، شوێنی بێژەر تەنها ئەو کورسییە ناگرێتەوە کە لە ستۆیۆ دانراوە، کە هەواڵ یان هەر پرۆگرامی تری تێدا پێشکەشدەکات، بەڵکو بە جۆرێکی دی شوێنی بێژەر ئەو پایە بڵندەیە کە دەتوانێت متمانەی زۆرترین بینەر یاخود گوێگر بەدەستبهێنێت، بێژەر ئەو کەسەیە کە هەموو کات ئامادەی پێشکەشکردنی هەواڵەکان یاخود ئەو بابەتانەی کە پێی سپێردراوە، لەبەرئەوە بیرمان نەچێت بێژەر بەر لەهەموو شتێك ڕۆژنامەوانە، ڕۆژنامەوانیش هەموو کاتێك ئامادەیی تێدایە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەی چونکە دوور نیە هەر لەگەڵ هاتنەدەرەوەی لە ماڵەکەی ڕوداوێك ڕوویدات، بۆیە پێویستە ئەو خۆی و قەڵەم و دەفتەرەکەی ئامادەی تۆمارکردنی ڕووداوەکان بێت. (سعید، ١٩٨١: لا٤٧).

دەبێت ئەوەش بزانین کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان بێژەری هەواڵ و پێشکەشکاری بەرنامە و تەنانەت لەنێوان پەخشکاری بەرنامەیەکی زانستی، یان ڕۆشنبیری و کۆمەلآیەتیشدا هەیە، ئەمانە دووای لە (جوڵەو خەندەو دانیشتن و وەستان و بیرکردنەوەو تەنانەت پێکەنینیشدا). ئازادییەکی ڕێژەی زیاتریان لە بێژەری هەواڵ هەیە لەگەلأ ئەوەشدا بێژەری هەواڵ هەردەم پابەندی تێکستەوە لادان و دەرچوون لێی مەحاڵە پێویستە سەنگینی سروشتی خۆی بە گشت ڕەفتارو گوزارەو سیماکانی ڕوخسارییەوە دیاربێت، ئەمە بە واتای ئەوە نایەت کە فیز بەسەر بینەراندا لبێدات.

بێژەر بە پلەی یەکەم بێژەری هەواڵکان بە ژن و پیاوەوە لە نێو بازنەی پیشەی ڕۆژنامەوانی تەلەفیزۆندا، گرنگترین

ئەڵقەی پەیوەندییە بۆ بینەر. (حەسەن، ٢٠١١: لا٦٤).

*** توێژینەوەکانی پێشوو:**

یەکەم: - تـوێژینەوەی رێـژین کـورد مـحەمەد، ٢٠٠٤ کە ناونیشـانی تـوێژینەوەکە بـریتییە لە (هـونەری بێـژەری لە تەلەفزیۆنـدا). شـایەنی باسـە کە ئەم تـوێژینەوەیە لەسـاڵی (٢٠٠٣-٢٠٠٤). لە زانکـۆی سـلێمانی کـۆلێژی زانسـتە مرۆڤایەتییەکان بەشی ڕاگەیاندن ئەنجام دراوە. ئەم تـوێژینەوەیە لە پێشـەکییەك و سێ بەش پێك هـاتووە، بەشی یەکەم دابەشکراوەتە سـەر سێ تەوەردا بەم شێوەیە (١-چەمکـی ڕاگەیانـدن و سـەرەتایەك بـۆ ڕۆڵـی تەلەفزیـۆن لەگەیاندنی هەواڵ و زانیاریـدا ٢- تەلەفزیـۆن وەك هۆکـارێکی گەیانـدنی جەمـاوەری ٣-ڕەگەزەکـانی ڕاگەیانـدن. . . وە بەهەمـان شێوە بەشـەکانی تـریش دابەشکراوە بەسـەر چەنـد تەوەرێکدا، بەشـی دووەم دابەشکراوە بەسـەر حەوت تەوەردا (١-هونەری ڕاگەیاندن. . . زانستی ڕاگەیاندن ٢-سەرەتاکانی سەرهەڵدانی مێژووی بێژەری ٣-هونەری بێژەری٤-ئەو بێـژەرانەی کە ڕۆژانە دەردەکەون ٥- ڕۆڵـی بێـژەر لە بەرنامەکانـدا٦-چـۆن دەتوانیـت پسـپۆڕی لە بوارێکـدا وەرگریت؟٧-شوێنی بێژەر لەتەلەفزیۆندا. بەشی سێیەمیش پێکهاتووە لە پێنج تەوەر (١-بێژەرلەناو ستۆدیۆ٢-بێـژەر لەدەرەوەی ستۆدیۆ٣-بوێری٤-مەشق٥-کاریگەری جل و بەرگ و ماکیاژی بێژەر.

ئەوەی جێگەی سەرەنجە ئەوەیە ئەم توێژینەوەیە مەیدانی نییە تەنها تیۆرییە، واتە هیچی بەکارنەهێناوە.

دووەم: - توێژینەوەی هلە ولید غانم لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجام دراوە کە ناونیشـانی تـوێژینەوەکە بـریتییە لە (زیرەکـی زمانیی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی). کە ئەم تـوێژینەوەیە لە زانکـۆی المستنصریە، کـۆلێژی پەروەردە، بەشـی ڕێنمای دەروونی، ئەنجامدراوە.

- ئامانجەکەی بریتی بوو لە:

١- زیرەکیی زمانیی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی.

٢- جیاوازیی زیرەکیی زمانیی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەی بۆ هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ).

٣- جیاوازی زیرەکیی زمانیی لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بەپێی پسپۆڕی (ئەدەبی و علمی).

- سنوری توێژینەوەکە بریتییەلە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە پەروەردەیی الکرخ بـۆ پـۆلی (یەك، دوو، سێ). لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بۆبەشەکانی وێژەی و زانستی بۆ ساڵی خوێندن ٢٠١٠-٢٠١١

- دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

دەرئەنجـامی تـوێژینەوەکە ئەوە ڕوونـدەکاتەوە کە نموونەکـانی تـوێژینەوەکە خـاوەنی زیرەکیـی زمـانەوانین بە پلەیەکی مامناوەند، کە ئەم دەرئەنجامانەش بـۆ کۆمەڵێـك هۆکـار دەگەڕێـتەوە لەوانە مـاوەی پەیوەنـدی خوێنـدکار بە قوتابخانەکەیەوە، هەروەها ئەو ژینگەیەی کەوا پێوەی پەیوەستە، لەگەڵئەوەشدا کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە ئەبێتەهۆی گرفتـی زمـان لای هەمـوو تاکێـك، دەشـتوانین بڵێـین ڕێـژەی زیرەکیـی زمـانیی زیاددەکـات بە زیـادبوونی خـوێنەوەو هەوڵدان بـۆ تێگەیشتنی ماناکانی زمـانیی، وە خـوێنەوەی پەرتـووك بەبەردەوامی. وە پێچەوانەی ئەمەش کـۆمەڵێ هۆکار هەیە کە ئەبێتە هۆی کەموکورتی لە تواناکانی زمان کە دوواتر وادەکات پەیوەست نەبێ بە زیرەکیەکی زمـانیی باڵا.

جیاوازیی زیرەکیی زمانیی لای ڕەگەزی نێرو مـێ لە بەرژەوەنـدی ڕەگەزی مێینـەدایە کە تـوێژینەوەکەی(مورسـی) ش شرۆڤەی دەرئەنجامەکان ئەکات، بە هەمان شێوەی ئەم توێژینەوەیە، ئەویش بەهۆی جیـاوازی لایەنـی بـایلۆژی لە گەشەی زمانەوانیدا بۆ هەردوو ڕەگەز، دەرئەنجامەکـان ئەوە ڕوونـدەکەنەوە کە جیـاوازی زیرەکیـی زمـانیی وەسـتاوە

لەسەر پسپۆڕییەکان ئەویش لەبەرژەوەندی بواری ئەدەبییە (وێژەی). ، هەروەها توێژینەوەکە ئەوە ش شیدەکاتەوە کە جیاوازی پرۆگرامەکانی خوێندنی (وێژەی و زانستی) ڕۆڵی هەیە لە جیاوازیی زیرەکیی زمانیی و بابەتەکانی زمانیی عربی ڕێکخەری ڕەوانبێژی و ڕەخنەو ئەدەب و نووسینە، کە ئەمەش پێچەوانەی بواری زانستییە، تێبینی ئەوەش کرا کە نموونەی توێژینەوەکە لە بواری وێژەیی پەیوەستە بە زیرەکیی زمانیی، کە ئەمەش لەسەرووی بواری زانستییەوەیە.

سێیەم : - توێژینەوەی م. د رجاْ یاسین عبدالله لەساڵی (٢٠١٢-٢٠١٣). ئەنجام دراوە کە ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (زیرەکیی زمانیی لای خوێندکارانی کۆلێژەکانی پەروەردە). لە زانکۆی کەربەلا کۆلێژی پەروەردە/ زانستە مرۆییەکان /بۆ (زانستی الصرف).

- ئاماجی توێژینەوەکە:

١- زانینی زیرەکیی زمانیی لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە (زانستی و مرۆیی).

٢- زانینی زیرەکیی زمانیی لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی مرۆیی.

٣- زانینی زیرەکیی زمانیی لای خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستی ڕەها (الصرف).

٤- ئایا جیاوازییەکی ئەوتۆهەیە کە ئاماژەیەکی ئاماری تێدا بێ لەنێوان خوێندکارانی زانستە مرۆییەکان و خوێندکارانی زانستی الصرف لە زیرەکیی زمانەوانیدا؟

٥- ئایا جیاوازییەکی ئەوتۆ هەیە کە ئاماژەیەکی ئاماری تێدا بێ لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ لە زیرەکیی زمانەوانیدا؟

- دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

دەرئەنجامەکان سەلماندویانە کە خوێندکارەکانی کۆلێژی پەروەردە بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە لایەنی زیرەکیی زمانەوانییەوە بەراوورد لەنێوانییان کراوە، لە ڕووی ڕێژەی زیرەکییەوە دەرکەوتووە کە ڕێژەی زیرەکیی لە کۆلێژی پەروەردە بەشی زانستی صرف نزیکەی (١٤-٣٥). لە کاتێکدا ڕێژەی زیرەکیی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان نزیکەی (٣٩. ٥٨). هەروەها ڕێژەی زیرەکیی کوڕان (٤١. ٧٠). تێپەڕاندووە لە کاتێکدا بۆ کچان (٣٦. ٨٤). ە ئەمە لە کاتێکدا ڕێژەی ناوەندی ژمێردراو ی ڕاستەقینە (٢٥). دەرئەنجامی بەرزبوونەوەی لە ڕووی معنەوییەوە لە ناوەندە ژمێراوەکان بەپێی چەند دانراوێك و بەپێی پێوەری دەلالی (ئاماژەپێدان). (٠،٠٥). هەروەك چۆن بە دیارخراوە لە خشتەی ژمارە (٥). جەخت لەوە ئەکرێتەوە کە فێربوونی زمان لە نزیکەی (٨٠%) لە فێربوونی ئاسایی و ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکئەگرێتەوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی (أبو عبید، ٢٠١٠). ئەم دەرئەنجامەش هاوڕایە لەگەڵ یەکێك لە پێوانەکانی بیردۆزی (گارنەر). کە جەخت لە جیاوازی تاکایەتی دەکاتەوە سەبارەت بە زیرەکی زمان، دەرئەنجامەکانیش سەلماندوویانە بە بوونی جیاوازی تاکایەتی لە ڕووی زیرەکیی لەنێوان کچان و کوڕان زیاتر لەبەرژەوەندی کوڕانە، دەرئەنجامەکان دەریانخستووە جیاوازی هەیە لە نێوان کۆلێژی پەروەردەی صرف و کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان زیاتر لە بەرژەوەندی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانە بەپێی خشتەی ژمارە (٧). هەروەها جەختئەکرێتەوە لەو کاریگەرییە بەو هێزەی کە ئەیگێڕێ لە دیاریکردنی جۆری خوێندن لە زانکۆ، کاریگەری زۆری هەیە لەدیاریکردنی پێوەری زیرەکی لەنێوان خوێندکارەکان لە کاتێکدا ئەم کۆلێژە لە زۆربەی پرۆگرامەکان پشتئەبەستێت بە دەربڕینی زمانیی زیاتر لەوەی کە بایەخبدات بە تاقیکردنەوە و کارکردن لە تاقیگەدا، ئەمەش بووەتەهۆی جیاوازی دەرئەنجامەکان لەگەڵ زیرەکیی زمانیی جیائەکرێتەوە بە توانای بەشداریکردن لە گفتوگۆکان و وتارەکاندا، لەکاتێکدا کە خوێندنەوەیان پشت بەو جۆرە توانایانە ئەبەستێت.

بەم شێوەیە سوودمان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرت:
* لە ڕووی تیۆرییەوە سوودمان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە.
* هەروەها لە دیاریکردنی ئامانجەکاندا سوودمان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە.
* وەك سەرچاوەی زانستی سوودمان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە.

**بەشی سێیەم**

*** ڕێبازی توێژینەوەکە:**

پێناسـەی ڕێبـازی تـوێژینەوە، ئەم بەشـەیان بەوە پەسـنئەکرێت کە بە دوورو درێـژی باسـی بکەیـت کە چـۆن ئەم توێژینەوەیەت کردووە و بە شێوەیەك کە خوێنەر هەڵسەنگاندنی هەبێت لە ڕاست و دروسـتی ڕێبـازەکەو گونجانـدنی بۆ توێژینەوەکە، هەروەها ڕاستی و جێگیربوونی ئەنجامەکەی (ابو علام، ٢٠٠٤: لا٥٩٣). . ڕێبازی توێژینەوەکە وەسـفییە واتە ڕێگەی ڕاڤەکردن..

*** کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوە : کۆمەڵێکی تەواوە لە تاك و شتومەك ژمێریـاری و پێـوانەییـ تایبەتمەنـدی هاوبەشـی هەیە کە ئەتوانرێت تێبینیبکرێت و شیکاربکرێت. (صبری، ٢٠٠٦: لا١٦ )

شایەنی باسە کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە بێژەرانی کەناڵەکانی (کوردسات، پەیام، ئێن ئـارِ تـی، کەی ئێن ئێن). وەك لە خشتەی ژمارە (١) دا خراوەتە ڕوو

خشتەی ژمارە (١)

| ناوی دەزگای ڕاگەیاندن | کۆمەڵگەی توێژینەوە | نموونەی توێژینەوەکە |
|---|---|---|
| ئێن ئارِ تی | ٢٠ | ١٥ |
| کوردسات | ٢٥ | ١٥ |
| پەیام | ٢٠ | ١٣ |
| کەی ئێن ئێن | ٢٠ | ١٣ |

وەك لە خشتەکەدا هاتووە کە تەنها کەناڵی (کوردسات). ژمارەی بێژەرەکانی (٢٥) بێژەرە

*** نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونەی توێژینەوە: بریتییە لەهەر کۆمەڵە تـاکێکی کـۆمەڵگە، تێبینیـدەکرێت کە زاراوەی نمـوونە هـیچ ڕێگرییەك نایەتە پێش ڕێگەی بەدەستهێنانی نموونە. (صبری، ٢٠٠٦: لا١٦). نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە (٥٦) بێـژەر، (٣٨) نێـر و (١٨) مێ. لە خشتەی ژمارە ٢ دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە (٢)

| ناوی کەناڵەکان | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| کەناڵی ئاسمانی کوردسات | ١١ | ٤ | ١٥ |
| کەناڵی ئاسمانی ئێن ئارِ تی | ١٠ | ٥ | ١٥ |
| کەناڵی ئاسمانی پەیام | ١٠ | ٣ | ١٣ |
| کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن | ٧ | ٦ | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٣٨ | ١٨ | ٥٦ |

**چوارەم: ئامرازی توێژینەوە**

**أ- ئامادەکردنی ئامراز:**

توێژەران سودیان لە پێوەری (رجاء یاسین) بۆ پێوانی (زیرەکیی زمانیی) وەرگرتووە. بۆ ئەم مەبەستەش هەستان بە وەرگرتنی بۆچونی شارەزایان و سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو.

**ب- ڕاستگۆیی:**

ڕاستی بەمەرجێکی گرنگ بۆ پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنێکی باش و چاك دادەنرێت، لەبەرئەوە ڕاستی توانای پێوانەکردنی دیاردەو ڕووداوەکانی هەیە. لە ئەنجامدا دەگەینە ئاستێك کە ئەو ڕووداوە یان دیاردەیە یان هەڵوێستە ڕێژەیەکی زۆر لە ڕاستی تێدا دەردەکەوێت (الرسانی، ٢٠٠٩: ل٤٠).

**ڕاستگۆیی ڕووالەتی:**

لە پێناو سەلماندنی ڕاستگۆی و دروستی ئامرازەکە توێژەران بۆ دەربرینی ڕاو بۆچوون و تێبینییەکانیان لەسەر ئەوەی تا چەند برگەکانی بە وردی دارێژراون ڕوون و شیاون بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران ڕاستگۆیی ڕووالەتیان بەکارهێناوە کە برگەکانی پێوەرەکە پێکهاتووە لە (٣٦) برگە وەك لە پاشکۆی ژمارە (٢)دا هاتووە، ئەم فۆرمانە بە شێوەیەکی سەرەتای پێشکەش بە پسپۆرو شارەزایانی پەروەردەو دەرونزانی کرا کە ژمارەیان (٥) شارەزاو پسپۆر بوون. هەروەها ڕێژەی ڕەزامەندییان لەسەر برگەکان دەربڕی و ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕی و تێبینیان لەسەری داو هەندێ لە شارەزاکان ژمارەیەك برگەی تریان بۆ زیادکرد لە پێناو بەهێزبوونی پێوەرەکە کە ژمارەی برگە زیادکراوەکان (٦) برگە بوو. دواتر پێوەرێکی لێ دروستکرا کە پێکهاتووە لە (٤١) برگە وەك لە پاشکۆی ژمارە (٣)دا هاتووە بۆ پێوانی توانای بێژەران لە ڕووی زیرەکیی زمانەوانییەوە، دواتر بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا جێبەجێکرا.

*** جێگیری توێژینەوەکە:**

جێگیری: - دەتوانرێت پێناسەی جێگیری بکرێ بەوەی بریتییەلە توانای پێوەر بۆ بەخشینی هەمان دەرئەنجام بە شێوەیەکی نزیکەیی، ئەگەر ئەگەر دووبارە پەیڕەوبکرێتەوە بەسەر هەمان ئەو تاکانەدا لە هەلومەرجێکی نزیك لەیەکترەوە. بەوەش (جێگیری). ئاماژە بۆ خاڵیبوونی ڕێژەیانەی ئامرازی پێوان دەکات لەو هەڵەیەی لە پرۆسەی پێوان دەکەوێتەوە، کە جێگیری بەهەڵەی ڕێککەوتەوە پەیوەستدەبێت. (سەمیرە، ٢٠٠٧: ١٤٦).

بۆ دەرهێنانی جێگیری ڕێگەی دابەشبوونی نیوەیمان بەکارهێنا لە ڕێگەی (ألفا کرونباخ و سپێرمان). دوای دەرچونی ڕێژەکە کە (٨٥%)ە , دەرکەوت کە ڕێژەکە بەرزەو گونجاوە و بە (سپێرمان) کە گونجاوەو باشە، بەمپێیە ئامرازەکە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی کۆتایی تا بدرێت بە نموونەی توێژینەوەکە کە بریتییە لە (٥٦) بێژەر لە هەردوو ڕەگەز.

*** جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:**

پاش دڵنیابوون لە ڕاستی و نەگۆڕی ئامرازەکە و ڕوون و زانراوی سەرجەم برگەکان، ڕۆژی (٢٠١٨/٥/٣) توێژەر فۆرمەکانی بەسەر بێژەرانی تەلەفیزۆنەکاندا دابەشکرد، کە لەبەرواری وەرگرتنەوەی لە دوای هەفتەیەك ڕوونکردنەوەی تەواوی برگەکان دراوە بەو برگانەی کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەبووەو چۆنییەتی وەڵامدانەوەیان پێدراوە، بێئەوەی بهێڵین کاریگەری لەسەر بۆچوونی بێژەرەکان دروستبکات. دوای دابەشکردنی (٦٠). فۆرم بەسەر بێژەرەکاندا تەنها (٥٦) فۆرم وەرگیرایەوە.

*** ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ئەم ئامارانەی بەکارهێناوە:

١- ڕێژەی سەدی، بۆ دەرکردنی ڕاستگۆیی، بۆ برگەکانی پێوەرەکە.

٢- هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ دەرهێنـانی جێگیـری پێـوەرەکە، بە پشتبەسـتن بە هەگبەی ئامـاریی بەپێـی یاسـای (spss).

٣- هاوکێشەی سپێرمان براون بۆ دەرهێنانی بەهای فاکتەری جێگیری .

٤- تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك نمونە ، بۆ دەرهێنانی ئامانجی یەکەم .

٥- تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نمونەی سەربەخۆ بۆ دەرهێنانی ئامانجی دووەم .

**بەشی چوارەم**

*** خستنەڕوو شیکردنەوەی دەرئەنجامەکان:**

ئامـانجی یەکەم : زانینـی زیرەکیـی زمـانیی لای بێژەرانـی تەلەفزیـۆن، بە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی ئەم ئامـانجە دەرکەوتووە کە ناوەندی ژمێرەیی ٩٢,٧٩ وە ناوەندی گریمانەی دەکاتە ٨٢، لەکاتێکدا لادانی پێوانەیی دەکاتە ١٢,٨١، تای ژمێردراو )١٤,١٩) و تای خشتەی دەکـاتە (١,٦٨)، نمـرەی ئـازاد (٥٥) ئاسـتی بەڵگەداری (٥%)، دەرکەوتـووە کە زیرەکـی زمانیی جیاوازی هەیە، بەراوردی ناوەندی ژمێرەیی (٩٢,٧٢) لەگەڵ ناوەندی گریمانەی (٨٢) کە هێمایە بۆ بوونی توانای زیرەکـی زمـانیی لای بێـژەران بە ڕێژەیەکـی بەرز لە ئاسـتێکی بەرزو پێویسـتدا. وەك لە خشـتەی ژمـارە(٣)دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٣ )

| ژمارەی بێژەر | ناوەندی ژمێرەی | ناوەندی گریمانەی | لادانی پێوانەی | تای ژمێردراو | تای خشتەی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٦ | ٩٢,٧٩ | ٨٢ | ١٢,٨١ | ١٤,١٩ | ١,٦٨ | ٥٥ | ٠,٠٥ |

ئامانجی دووەم: زانینی زیرەکی زمانەوانیی لای بێژەرانی تەلەفزیۆن بەپێی ڕەگەزی نێرومێ کە ژمارەی ڕەگەزی نێر(٣٧) و مێ (١٩)، لە کاتێکدا کە ناوەندی ژمێرەیی بۆ ڕەگەزی نێر (٩٥,٤١) و بۆ ڕەگەزی مـێ (٨٧,٦٨)، لادانـی پێـوانەی بۆ ڕەگەزی نێر (٩,٥٥) و بۆ ڕەگەزی مێ (١٦,٦٥) یە.

تای ژمێردراو دەکاتە (٢,٢١) و تای خشتەی ( ١,٦٨ )یە، لەکاتێکدا کە نمرەی ئـازاد (٥٤)، ئاسـتی بەڵـگەداری ئامـاریی (٠,٠٥). دەرکەوتـووە کە زیرەکـی زمـانیی جیـاوازی هەیە لای ڕەگەزی نێـرو مـێ، کە ڕێـژەی زیرەکـی زمـانیی ئاسـتێکی بەرزتری هەیە لەلای کوران، بەراورد بە کچان. بە واتایەکی تر ئاستی زیرەکی زمانیی لە بەرژەوەنـدی ڕەگەزی نێـردایە. وەك لە خشتەی ژمارە (٤) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٤)

| نموونە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوانەی | تای ژمێردراو | تای خشتەی | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٣٧ | ٩٥,٤١ | ٩,٥٥ | ٢,٢١ | ١,٦٨ | ٥٤ | ٠,٠٥ |
| مێ | ١٩ | ٨٧,٦٨ | ١٦,٦٥ | | | | |

* ڕاسپاردەکان:
١- کردنەوەی چەند خولێکی زمان بۆ بەهێزکردنی لایەنی زمان و کارابوونی زمان لە پەیوەندییەکاندا.
٢- ئەنجامدانی چەند کۆڕێکی وشیاری سەبارەت بە گرنگیدان بە لایەنی زمان لە کارو پیشەو پەیوەندیەکادندا.
* پێشنیارەکان:
١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی توێژینەوەی بەردەست، لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
٢- بەدەستهێنانی بڕوانامە لە بواری ڕاگەیاندن، وەکو مەرجێك بۆ ئەنجامدانی کاری بێژەرایەتی.
٣- گرنگیدان بەلایەنی زمان و ئەدەبیات لە بواری پەروەردەو فێرکردن.
٤- بە سیستەمکردنی پەیوەندی نێوان زیرەکیی زمانیی و بێژەرانی تیڤی، لەپێناو خوێندنەوەی روون و گەیاندنی پەیامی مەبەست.

## سەرچاوەکان

*** سەرچاوە کوردییەکان:**

١- ئەلریماوی، محەمەد عودە، ٢٠١١: لەدەرونزانی مناڵدا، چاپی دووەم، نارین بۆ چاپەمەنی، هەولێر.
٢- بارەندەر، جیفری، وەرگێڕانی، مەشخەڵ کەولۆسی: زیرەکیی و تواناکانی مێشك، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی، ٢٠١٠ .
٣- بدیعی، د. نەعیم، د. حسێن قندی: وەرگێڕانی :کارزان محمد، ڕۆژنامەوانی مۆدێرن، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاَوکراوەی چوار چرا، سلێمانی، ٢٠١٠ .
٤- جاف، سەردار: میدیا لەنێوان کۆت و بەندو ئازادیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکووك، ٢٠١١ .
٥- حمیدی، عاصف: کارکردن لەتەلەڤیزۆندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠ .
٦- حەبیب، بەدران ئەحمد: بنەما زمانییەکانی دارِشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردیەکاندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاَو کردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠ .
٧- حەسەن، ڕەوف: بێژەری تەلەفزیۆنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێلین، سلێمانی، ٢٠١١ .
٨- دی سۆسۆر، فەردیناند، عبدالسلام المسدی، د. موفق الحمدانی، انیس فریحه، د. لوریتو تود، د. حاتم صالح، یمنی العید: لە ڕووانگەی زما ناسیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەرابخا، کەرکوك، ٢٠٠٥ .
٩- شەکشەك، ئەنەس: دەروناسی گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، ٢٠١٢ .
١٠- شەیدا، حەسەن: هونەری بێژەری لە ڕادیۆو تەلەفزیۆندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ .
١١- عبدالرحمان، شیلان عوسمان: کارابوونی زمان لەپەیوەندییە کۆمەلاَیەتیەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩ .
١٢- عزیز، هەژار حەکیم: نهێنیەکانی بێژەری سەرکەووتوو، چاپی یەکەم، بەرێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ، هەولێر، ٢٠١٣ .
١٣- علی، د. ئازاد: دەرونزانی گشتی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧ .
١٤- علی، سەلام کریم: زمان و ڕۆژنامە، چاپی یەکەم، چاپەمەنی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧ .
١٥- فتاح، محمد معروف: زمانیی، چاپی یەکەم، ١٩٩٠ .
١٦- قەرەچەتانی، کەریم شەریف: سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی سێیەم، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ٢٠١١ .
١٧- محمد، کمال فاروق: دەروناسی میدیای، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر، ٢٠١٣ .
١٨- مستەفا، بەهادین جەلال: شەڕی زمان و سیاسەتی زمانیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٢ .
١٩- مەحوی، محمد: زمان و زانستی زمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ .
٢٠- ناوخۆش، سەلام، نەریمان خۆشناو: زمانیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٨ .
٢١- ویدۆوسن، ه ج: سەرەتایەك بۆ زمانیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨ .

*** سەرچاوە عەرەبیەکان:**


١- القرأن الكريم

٢- ابراهيم، نبيل رفيق محمد:الذكاءات المتعددة لدى طلبة مدارس المتميزين وأقرانهم الاعتياديين فى المرحلة الثانوية (دراسة المقارنة). أطروحة دكتوراه (غير منشورة). جامعة بغداد، ٢٠٠٨ .

٣- ابو علام، رجأ محمود، مناهج البحث، فى العلوم النفسية والتربوية، الطبع الرابع، مصر.

٤- أبو مصلح، د. عدنان: التبعة الآولى، معجم العلم الاجتماع، دارأسامة للنشر والتوزيع، عمان(الآردن)، ٢٠٠٦ .

٥- حرفية الزيع رئيس التحرير، حميد سعيد: المزيع فى التلفزيون، ثروس لويس، ترجمة ابراهيم عبد الجليل، بغداد، ١٩٨١.

٦- الخفاف، أيمان عباس: الذكات المتعددة(برنامج التطبيقى). ، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١ .

٧- صبرى، عزام: الاحصأ الوصفى ونضام spss، عمان، الطبعة الاول،٢٠٠٦ .

٨- عليوات، محمد عدنان: الذكأ وتنمية لدى أطفالنا، الطبعة العربعية، دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٢

٩- كاردنةر، هوارد: أطر العقل نضرية الزكاءات المتعددة (ترجمة :محمد جيوسى). مكتب التربية العربية لدول الخليج، الرياض، ٢٠٠٤ .

١٠-كوفاليك، سوزان واولسن، كارين: تجاوز التوقيعات:دليل معلم للتطبيقأبحاث الدماغ فى غرفة الصف، الكتاب الاول، ترجمة مدارس الضهران الاهلية ، السعودية، ٢٠٠٨ .

١١- يوسف، جمعة سيد، سيكولوجية اللغة والمرض العقلى، بحوث التخروج، الكويت